جۆن (تدبّر)ی قورئانی پیرۆز بکە ین

نوسینی : مامۆستا احسان برهان الدین

بسم الله الرحمن الرحيم

أَفَلا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلى قُلُوبٍ أَقْفالُها

جون (تدبّر) قورئان بكه ين

ته قوا پرد ى (تدبر) ه

موسوڵمان به دەقی ئایەتی قورئان فەرمانی پێکراوه قورئان به تێگەیشتن و به (تدبر) بخوێنێتەوه، وەکو الله تعالى فەرموویەتی: (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ أَمْ عَلَىٰ قُلُوبٍ أَقْفَالُهَا) چەندین ئایەتی تریش لە سەر هەمان واتا و مەبەست هەیە، جا بۆ تێگەیشتن لە واتاکانی وشەی (تدبر) لە ڕوناکی قسەی زانا و شارەزایاندا.

تدبر واته: بیرکردنەوەو تێڕامان وباش تیگەیشتن لە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز بەمەبەستی پەی بردن به واتا و به مەبەست و حیکمەتەکانی، ئەگەر موسوڵمان بگاتە ئەو تێگەیشتنە، کە قورئان بە تدبر دەربڕینی لێ کردووە، ئیمانی زیاد دەکات و دەگاتە بڕوای بەهێز و یەقین، چێژو سوودیش لە قورئانی پیرۆز وەردەگرێت.

یەکەم هۆکار بۆ گەیشتن بە (تدبر) ئەوەیە موسوڵمان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی قورئان بێت و خۆی لە قەدەغەکراو وحەرامەکانی بپارێزێت، ئەگینا واتای چی ئەگەیەنێت قورئان بخوێنیت و پێچەوانەی کار بکەیت؟ یان بەبەرنامە و پەیڕەو و فەرمانی غەیری قورئان هەڵسوکەوت و کار بکەیت! بەو شێوە خوێندنەوەی قورئان

کاریگەری لەسەر لایەنی روحی و ئیمانی خوێنەرەکەی نابێت و هەر دەبێتە جۆرێك لە ڕاهاتن و خوێندنەوەیەکی ساردوسڕی بێ گیان.

الله تعالی فەرمویەتی: (وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ) واتە: پەروەردگار تەقوای کردووەتە هۆکار بۆ فێربوون و بۆ وەرگرتنی بۆ زانست، ئێوە تەقواتان هەبێت، الله تعالی فێرتان دەکات و (تدبر) تان پی دەبەخشێت! تەقوا پردی تیگەیشتنە لە قورئان! بە پێچەوانەشەوە واتە بەبێ تەقواو و ڕاوەستان لە سنوورەکانی پەروەردگار، زانستی بەسوود فێر نابن، ئەوە هاوکێشەیەکە لە خودی ئەو قورئانەدا کە دەیخوێنینەوە هاتووە و چەندین ئایەتی تریش هەمان ئەو واتای لێ وەردەگیرێت.

هەروەها بۆ ئەوەی بگەین بە پلەوپایە و ئاستی (تدبر)، پێویستە هەست بە گەورەیی و مەزنیی ئەو قورئانە بکەین کە دەیخوێنینەوە، ئەبێ - وەکو هەندێ لە زانایان فەرموویانە - باوەڕمان وابێت:

لەگەڵ قورئاندا زیندووین و بەبێ قورئان مردووین!

لەگەڵ قورئاندا چاوساغ وبیناین و بەبێ قورئان سەرلێشێواو و نابیناین!

لەگەڵ قورئاندا لەسەر ڕێگای ڕاستین و بەبێ قورئان گومڕاو وێڵین...

دەبێت قورئان بە بەرنامەی ژیانمان بزانین، هەم بە گوفتارمان هەم بە کردارمان ئەوە بسەلمێنین، ئەگینا ئێمە لە کوێ و (تدبر) و پەی بردن بە واتاکانی لە کوێ!

زۆرێك له زانایان له كۆن و له هاوچەرخەكاندا، فەرموویانه بۆ ئەوەی بتوانیت (تدبر) ی قورئان بكەیت و فەرمانەكەی الله له ئایەتی (أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ الْقُرْآنَ) و ئایەتەكانی تری هاوشێوەی له خۆتدا بەرجەسته بكەیت، پێویسته له كاتی قورئان خوێندندا وا هەست بكەیت ئەم قورئانه به تایبەت ئاراستەی تۆ كراوه و هەموو فەرمانەكانی و قەدەغەكراوەكانی مەبەست پێیان تۆیت، جا بزانه گوێڕایەڵی ئەبیت یان پشت گوێی ئەخەیت و كەمتەرخەم ئەبیت؟

پێشینانی چاكی ئەم ئوممەته، مامەڵەو ڕەفتاریان لەگەڵ قورئاندا بەو شێوه دەكرد كه ئایەتەكانی بریتین له كۆمەڵه پەیامێك له لایەن پەروەردگارەوه ئاراستەیان كراوه، واته ئاراستەی خودی خۆیان كراوه! بۆیه به شەوان دەیانخوێندەوەو لێی ورد دەبوونەوه و به باشترین شێوه هەوڵی تێگەیشتنیان دەدا، بەڕۆژیش له ژیانی ڕۆژانەیاندا به دوای جێبەجێكردنی واتاكانی ، گوێڕایەڵی فەرمانەكانی، خۆبەدوور گرتن له قەدەغەكراوەكانی بوون.

پێشینان خۆشەویستی قورئانیان به بەڵگەی خۆشەویستی الله و پێغەمبەرەكەی صلی الله علیه و سلم دەزانی، بۆیه دەگێڕنەوه هەندێ له هاوەڵان فەرموویانه: هەركێ دەیەوێت الله و پێغەمبەرەكەی صلی الله علیه و سلم خۆشیان بوێت، با تەماشای حاڵی خۆی لەگەڵ قورئاندا بكات،

ئەگەر قورئانی خۆش دەوێت، ئەوا خۆیشی لەلای الله و پێغەمبەرەکەی صلی الله علیه و سلم خۆشەویستە!

کاتێك قورئان دەخوێنیت، تا پێت دەکرێت بە شێوەیەکی ورد و بە تێرامانەوە بیخوێنەرەوە، بەڵکو هەندێ جار باشتر وایە چەندین جار ئایەتەکە دووبارە بکەیتەوە بۆ ئەوەی باشتر لێی تێبگەیت و واتاکەی لە دڵ و دەروونتدا بچەسپێت! نابێت ئەوەمان لەبیر بچێت الله تعالی کە ئەم قورئانەی دابەزاندووە بۆ ئەوەیە لێی وردبینەوە و بیر لە ئایەت و واتاکانی بکەینەوە: {كَذَلِكَ يُبَيِّنُ اللَّهُ لَكُمُ الآيَاتِ لَعَلَّكُمْ تَتَفَكَّرُونَ} .

قورئان زانستی بە سوود و سەرسوڕهێنەری زۆری تێدایە، زانستەکانی نە تەواو دەبن و نەکۆتاییشیان دێت، بەڵکو هەمیشە وەکو ئەوەی نوێ بێتەوە، بۆ هەموو کات و سەردەمێك ئاسۆی زانستی فراوانتری لێ دەکرێتەوە، بۆیە تا زیاتر بە تێڕامانەوە بیخوێنیتەوەو لە واتاکانی ورد ببینەوە، دەرگاری تێگەیشتنی زیاتر مان بۆ دەکرێتەوە.

بۆ نموونە ئایەتی: (خُذِ الْعَفْوَ وَأْمُرْ بِالْعُرْفِ وَأَعْرِضْ عَنِ الْجَاهِلِينَ) بە کەمێك تێڕامان و لێوردبوونەوە بیخوێنینەوە دەردەکەوێت، الله تعالی بەم چەند وشە پوخت و کورتە بنەماکانی ڕەوشتی بەرزو جوانی هەمووی بۆ کۆکردینەتەوە!

یان ئەگەر وردبینەوە لە ئایەتی: (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَى وَيَنْهَى عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنْكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ) دەبینین بنەمای هەموو فەرمان و قەدەغەکراوەکانی لە خۆگرتووە.

یان ئەگەر بیر لەم ئایەتە بکەینەوە: (فَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُ ۝ وَمَنْ يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ شَرًّا يَرَهُ) بۆمان دەردەکەوێت ئاماژەی بۆ هەموو چاکەو خراپەیەك تێدایە و هاندانیشی بۆ هەموو چاکەیەك تێدایە و و ترساندنی لە هەموو خراپەیەك لە خۆگرتووە .

یان ئەگەر لێکۆڵینەوە لە پیتی سەرەتای سوڕەتەکان بکەین و

بەوردی لە ڕۆشنایی تەفسیرە باش و شایەتی بۆ دراوەکاندا دیراسەی بکەین، دەبینین چەندین زانست و زانیاری سەرسوڕهێنەری تێدایە و بەهەمان شێوە زۆر مەسەلەی تر کە بەڕاهاتن لەگەڵ وردبوونەوەو تێڕاماندا مەزنی کەلامی الله مان بۆ دەردەکەوێت.

ئەگەر بتەوێت پەند و وانە و زانستەکانی ئایەتی (وَلَكُمْ فِي الْقِصَاصِ حَيَاةٌ) وەرگریت و فێری بیت، سەرسام دەبیت کە چەند زانستی سەرسوڕهێنەری تێدایە. قورئانیش لەگەل پەلە نەکردن و لێوردبوونەوەو دووبارە کردنەوەدا هەمووی بەو چەشنەیە.

لە قورئاندا هەموو وشەیەك لە جێگای گونجاوی خۆیدا دانراوە، بە شێوەیەك کە وشە بەکارهاتووەکە گونجاوترینە.

له قورئاندا کۆتایی ئایەتەکان بە جوانترین شێوە لەگەڵ باس و ناوەڕۆکی ئایەتەکەدا گونجاوە و ڕێك و پێکییان لە نێواندا هەیە.

لە قورئاندا بە ڕاستی و بەبەڵگەی عەقڵ و نەقڵەوە بەسەرهاتی ڕابردوو و هەواڵی داهاتووی تێدایە. ئەمە جگە لە دەیان ئایەت کە زانستی لەئاسابەرو موعجیزەی زانستی تێدایە کە بەر لە هەزارو چوار سەد ساڵرپێشی زانستی هاوچەرخی داوەتەوە.

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم وا هاوەڵانی فێردەکرد،لە کاتی قورئانخوێندندا ، لە گەل ئایەتەکاندا بوەستن و سبحان الله بکەن و نزای چاکە بکەن و پەنای لە خراپە پی بگرن: (إِذَا مَرَّ بِآيَةٍ فِيهَا تَسْبِيحٌ سَبَّحَ وَإِذَا مَرَّ بِسُؤَالٍ سَأَلَ وَإِذَا مَرَّ بِتَعَوُّذٍ تَعَوَّذَ).

پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم شەوی وا بووە لە ئایەتێکی وەکو (إِنْ تُعَذِّبْهُمْ فَإِنَّهُمْ عِبَادُكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُمْ فَإِنَّكَ أَنْتَ الْعَزِيزُ الْحَكِيمُ)ڕادەوەستا و بیری لە واتاکانی دەکردەوە ودووبارەی دەکردەوە تا ڕۆژ دەبوویەوە.

لە دیاردە خراپەکانی ئەم سەردەمەش کە موسوڵمانان لە هەموو لایەك پێوەی دەناڵێنن و کوردیش بەتایبەتی ئەوەیە، قورئان لە ئەنجامی تێنەگەیشت لە پەیامەکەی لە لایەن موسوڵمانانەوە و بەهۆی چەواشەکاری پلان بۆ داڕێژراو بۆ دوورخستنەوەیان لە بەرنامەکەی، تەنها وەکو کتێبێکی حەڵاڵ و حەرام و سەرچاوەی پیت و بەرەکەت و پاداشت وەرگرتن تەماشا دەکرێت، لە کاتێکدا قورئان بەرنامەیەکی

تێروتەسەلی عەقیدەیە و ڕێبازە بۆ ژیان و دەبێت موسوڵمان پەیڕەوی بکات و حوکمی پێ بکات و لە هەموو شتێکدا بۆی بگەڕێتەوە، ئەوەش گەورەترین زیان و لێکەوتەکانی وردنەبوونەوەو پەلەکردنە لە خوێندنەوەیدا !

کاتێك قورئان بەو شێوەی داوامان لێکراوە بیخوێنینەوە، واتە بە (تدبر) و تێگەیشتنی باش لە ئایەتەکانی ، کاریگەری باش و خۆشی لەسەر دڵەکانمان دەبێت و ئاسوودەییمان پێ دەبەخشێت و زمانیشمان پاراو دەکات، بەڵام ئەگەر بێ وردبوونەوە و ڕاوەستان لەگەڵ واتاو مەبەست و داواکاری و قەدەغەکراوەکانیدا، هەر پەلە پەلی تەواوکردنیمان بێت و بەبێ کۆشش کردن بۆ بەدەستهێنانی هۆکار و کەرەستەکانی تێگەیشتنی کە ان شاء الله لەم زنجیرەدا هەندیکی دەخەینە ڕوو، ئەوا ناتوانین لە زانستە بەسوود و سەرسوڕهێنەرەکانی، یان لەوەی کە قورئان بەرنامەی ژیانە و ڕێگای سەرفرازی دوا ڕۆژە بەهرەمەند بین.

پشت به تەفسیری باش ببەستە بۆ تێگەیشتنی

تێگەیشتن و (تدبر) ی قورئانی پیرۆز ئەوەیە لە واتاکانی تێبگەیت، بێگومان ئەگەر بیخوێنیت یەکێك لە هۆکارەکانی تێگەیشتن و (تدبر) ی قورئانی پیرۆز ئەوەیە لە واتاکانی تێبگەیت، بێگومان ئەگەر بیخوێنیت و لێی تێنەگەیت ناشتوانیت فەرمانی (تدبر) لە خۆتدا جێبەجێ بکەیت!

زانا و موفەسسیری قورئان الطبري فەرموویەتی: (إِنِّي لأعجب ممَّنْ قرأ القرآن ولم يعلم تأويله، كيف يلتذُّ بقراءته ؟!». معجم الأدباء، (5 /256).

واتە: من سەیرم لە کەسێك دێت قورئان دەخوێنێت و لێی تێناگات چۆن چێژ لە خوێندنەوەکەی وەردەگرێت؟!

هەڵەیەکی گەورش لای خۆمان لە مەسەلەی تەجوید و جوان خوێندنەوەی قورئاندا هەیە، کە لە جیاتی ئەوەی ئەو مەسەلە گرنگە ببێتە مایەی تێگەیشتن و نزیکبوونبووەوەی زیاتر لە ڕوح و جەوهەری قورئان، کەچی بووەتە مایەی دوورکەوتنەوە لە واتا و تەفسیر و پەیامی قورئان! کێشەکەش لەوەدایە کە خراپ لەم فەرموودەی پێغەمبەر صلی الله علیه و سلم تێگەیشتوون: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرآنَ وَعَلَّمَهُ" رواه البخاري . کورد بە شێوەیەکی گشتی وەکو جۆرێك لەیەکدەنگی! وا تێگەیشتوون ئەم فەرموودەو ئایەت و فەرموودەکانی تری هاوشێوەی، تەنها واتای گرنگی و بایەخدان بە تەجوید دەگرێتەوە! لە کاتێکدا

مەبەستی یەکەم لەو فەرموودەیە تیگەیشتی پەیام و بەرنامە و واتاو ئەحکامی قورئانە نەك تەجوید و جوان خوێندنەوە و مەخارجی پیتەکان، (ابن تیمیة) بە رەحمەت بێت دەفەرموێت: تێگەیشتنی واتاو مەعناکانی قورئان لە پێشترە لە فێربوونی چۆنێتی دەربڕینی پیتەکانی، چونکە موسوڵمان بە تێگەیشتنی واتاکانی ئیمانی یەکێك لە هۆکارەکانی و لێی تێنەگەیت ناشتوانیت فەرمانی (تدبر) لە خۆتدا جێبەجێ بکەیت!

زانا و موفەسسیری قورئان الطبري فەرموویەتی: (إنِّي لأعجب ممَّنْ قرأ القرآن ولم يعلم تأويله، كيف يلتذُّ بقراءته ؟!». معجم الأدباء، (5 /256).
واتە: من سەیرم لە کەسێك دێت قورئان دەخوێنێت و لێی تێناگات چۆن چێژ لە خوێندنەوەکەی وەردەگرێت؟!

هەڵەیەکی گەورش لای خۆمان لە مەسەلەی تەجوید و جوان خوێندنەوەی قورئاندا هەیە، کە لە جیاتی ئەوەی ئەو مەسەلە گرنگە ببێتە مایەی تێگەیشتن و نزیکبوونبووەوەی زیاتر لە ڕوح و جەوهەری قورئان، کەچی بووەتە مایەی دوورکەوتنەوە لە واتا و تەفسیر و پەیامی قورئان! کێشەکەش لەوەدایە کە خراپ لەم فەرموودەی پێغەمبەر صلى الله عليه و سلم تێگەیشتوون: (خَيْرُكُمْ مَنْ تَعَلَّمَ الْقُرآنَ وَعَلَّمَهُ" رواه البخاري . کورد بە شێوەیەکی گشتی وەکو جۆرێك لەیەکدەنگی! وا تێگەیشتوون ئەم فەرموودەو ئایەت و فەرموودەکانی تری هاوشێوەی، تەنها واتای گرنگی و بایەخدان بە تەجوید دەگرێتەوە! لە کاتێکدا

مەبەستی یەکەم لەو فەرموودەیە تیگەیشتی پەیام و بەرنامە و واتاو ئەحکامی قورئانە نەك تەجوید و جوان خوێندنەوە و مەخارجی پیتەکان، (ابن تیمیة) بە رەحمەت بێت دەفەرموێت: تێگەیشتنی واتاو مەعناکانی قورئان لە پێشترە لە فێربوونی چۆنێتی دەربڕینی پیتەکانی
فێربوونی تەجوید و جوانخوێندنەوەی پیتەکانی. مجموع الفتاوی، (13 /403).
بێگومان ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت کە بایەخ بە تەجویدی قورئان نەدەین نەخێر، بەڵکو مەبەست لە تێکدانی ئەولەویەت و دوورکەوتنەوەیە لە مەبەستە گەورەکە کە تێگەیشتن و (تدبر) قورئانە، کە بەداخەوە کە ساڵانێکە خەریکە تەجوید ئەو ڕۆڵە دەبینێت لە کوردستاندا، مامۆستایەکی زۆری کورد ژیانی خۆیان و فێرخوازێکی زۆر لەگەڵ خۆیاندا بە ئەحکامی تەجوید و مەخاریجی یپتەکان و قیرائاتی قورئانی بەسەر دەبەن، لە ئەحکامی حروف ی قورئان شارەزان بەڵام لە ئەحکام و حدود ی قورئان بێ ئاگان، لە گەڵ پیتەکانی قورئان و چۆنێتی خویندنەوەی مامەڵە دەکەن بەڵام لەگەڵ لایەنی ئیمانی و عەقیدەو پەروەردەیی مامەلە ناکەن زۆر بەکەمی نەبێت، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و ڕێگرێکە لەبەردەم تێگەیشتن و (تدبر) قورئاندا .
ئەوانەی کە توانای گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەکان هەیە واجبە لەسەریان هیچ

زیاد دەکات نەك بە فێربوونی تەجوید و جوانخوێندنەوەی پیتەکانی. مجموع الفتاوى، (13 /403).

بێگومان ئەمەش بە واتای ئەوە نایەت کە بایەخ بە تەجویدی قورئان نەدەین نەخێر، بەڵکو مەبەست لە تێکدانی ئەولەویەت و دوورکەوتنەوەیە لە مەبەستە گەورەکە کە تێگەیشتن و (تدبر) قورئانە، کە بەداخەوە کە ساڵانێکە خەریکە تەجوید ئەو ڕۆڵە دەبینێت لە کوردستاندا، مامۆستایەکی زۆری کورد ژیانی خۆیان و فێرخوازێکی زۆر لەگەڵ خۆیاندا بە ئەحکامی تەجوید و مەخاریجی یبتەکان و قیرائاتی قورئانی بەسەر دەبەن، لە ئەحکامی حروف ی قورئان شارەزان بەڵام لە ئەحکام و حدود ی قورئان بێ ئاگان، لە گەڵ پیتەکانی قورئان و چۆنێتی خویندنەوەی مامەڵە دەکەن بەڵام لەگەڵ لایەنی ئیمانی و عەقیدەو پەروەردەیی مامەلە ناکەن زۆر بەکەمی نەبێت، ئەمەش هەڵەیەکی گەورەیە و ڕێگرێکە لەبەردەم تێگەیشتن و (تدبر) قورئاندا .

ئەوانەی کە توانای گەڕانەوەیان بۆ سەرچاوەکان هەیە واجبە لەسەریان هیچ نەبێت بە ئەندازەیەکی کەم و سنووردار و ئەوەندی کە تێگەیشتنی واتاکانی قورئانیان بۆ دەستەبەر بکات، بگەڕێنەوە بۆ تەفسیر و ئەو کتێبانەی کە باس لە بەرنامەو عەقیدە و لایەنی ئیمانی قورئانی پیرۆز دەکات لە قسەی زانایاندا، وەکو یارمەتیدەری سەرەتاییش لەم بارەوە بۆ (تدبر) باشترە:

1- بەلای کەمەوە کتێبێکی تایبەت بە تەفسیری وشەکانی قورئانت هەبێت، کتێب لەو بارەوە زۆرن، من لێرەدا کتێبێکی بەسوود و ئاسان و بەردەست لە ئێنتەرنیت پێشنیار دەکەم کە بەشێوەیەکی سەرەتایی و ئاسان واتای وشەکانی قورئانت پی ئەدات ئەویش کتێبی (وجه النهار الكاشف عن معاني كلام الواحد القهار) عبدالعزيز الحربي، بێگومان کتێبی تریش زۆرن وەکو: (مفردات القرآن) للراغب الأصفهاني . شارەزایی تەفسیرە کوردییەکانم نییە و نەمخوێندوونەتەوە، بۆیە ناتوانم ئاماژە بۆ هیچ تەفسیرێکی کوردی بکەم، تەنانەت وەرگێڕاونەکانیش چونکە نازانم چۆنیان وەرگێڕاوە، وەکو خۆێشم چەند ساڵیکە نزیکەی بیست جوزئی قورئانم لە ڕووی ڕوونکردنەوەی وشەکانی بە کوردی و بە کورتی تەفسیر کردووە بەڵام بە هیوای ئەوەی بتوانم تەواوی بکەم هێشتا چاپم نەکردووە.

2- دوای ئەوەی واتای وشەکانی قورئانت زانی کتێبێکی پوخت و زانستی وەکو: (التفسير الميسر) بخوینەرەوەو با هەمیشە نزیکت بیت بۆ ڕاڤەو تەفسیری ئایەتەکان، ئەم تەفسیرە لەیەك بەرگدایەو زۆر بە سوودە، هەروەها تەفسیرێکی تری پوخت هەیە بەناوی"المختصر في تفسير القرآن الكريم"ئەویش پوخت و بە سوودە ئەوەندەی من لێیم خویندووەتەوە و لێی تێگەیشتووم، لە دوای ئەوەش ئەتوانیت بچیتە سەر تەفسیرەکانی الطبري و ابن كثير و البغوي بە گوێرەی ئاست و توانای

زانستی خۆت و هەموو تەفسیرانەو تەفسیرەکانی تریش پێویستە وریای ئەو هەڵانە بیت کە نووسەرەکانیان لێیان تێپەڕبووە بۆ نموونە وەکو مەسەلەی ئیسرائیلیات لە تەفسیر(ابن کثیر) دا.

دەشکرێت سوود لە هەندێ کتێبی تایبەت بە ئاسانکردنی تیگەیشتن و (تدبر) لە قورئاندا ببینێت وەکو: (قواعد التدبر الأمثل لكتاب الله عزوجل) عبدالرحمن حبنكة الميداني، (تعليم تدبر القرآن الكريم) هاشم علي الأهدل.

لە کۆتاییدا:

لە مەسەلەی تێگەیشتن و (تدبر) ی قورئاندا، بەردەوام قورئان خوێندن بەبێ هەبوونی کەرەستەکانی تێگەیشتنی سوودی باش و چاوەڕوانکراوی نابێت، من باسم لە ئەجرو پاداشتەکەی نییە ئەوەیان لەسەر نیەت و عەقیدەی خوێنەرەکەی دەمێنیتەوە ، ئەگەر خوێنەرەکە عەقیدەی قورئانی پیرۆزی لە خۆیدا بەرجەستەکردبێت و لە سنوورەکانیدا ڕابوەستێت، با تێیشنەگات لە واتاکانی، الله تعالی هەر پاداشتی بۆ دەنووسێت إن شاء الله!

بەڵام وەکو زانایەك دەڵێت: ئەو کەسەی قورئان بخوێنیت و لێی تێنەگات، وەکو کەسێکە لە تاریکیدا بێت و نامەیەکی زۆر گرنگی لە کەسێکی زۆر مەزنەوە بۆ هاتبێت و لەو تاریکیەدا چرایەکی پێ نەبێت بتوانێت نامەکەی بخوێنیتەوە بزانێت چی تێیدایە!

ی (ابن کثیر) دا.

دەشكرێت سوود لە هەندێ كتێبی تایبەت بە ئاسانكردنی تێگەیشتن و (تدبر) لە قورئاندا ببینێت وەكو: (قواعد التدبر الأمثل لكتاب الله عزوجل) عبدالرحمن حبنكة الميداني، (تعليم تدبر القرآن الكريم) هاشم علي الأهدل.

لە كۆتاییدا:

لە مەسەلەی تێگەیشتن و (تدبر) ی قورئاندا، بەردەوام قورئان خوێندن بەبێ هەبوونی كەرەستەكانی تێگەیشتنی سوودی باش و چاوەڕوانكراوی نابێت، من باسم لە ئەجرو پاداشتەكەی نییە ئەوەیان لەسەر نیەت و عەقیدەی خوێنەرەكەی دەمێنێتەوە ، ئەگەر خوێنەرەكە عەقیدەی قورئانی پیرۆزی لە خۆیدا بەرجەستەكردبێت و لە سنوورەكانیدا ڕابوەستێت، با تێیشنەگات لە واتاكانی، الله تعالى هەر پاداشتی بۆ دەنووسێت إن شاء الله!

بەڵام وەكو زانایەك دەڵێت: ئەو كەسەی قورئان بخوێنێت و لێی تێنەگات، وەكو كەسێكە لە تاریكیدا بێت و نامەیەكی زۆر گرنگی لە كەسێكی زۆر مەزنەوە بۆ هاتبێت و لەو تاریكیەدا چرایەكی پێ نەبێت بتوانێت نامەكەی بخوێنێتەوە بزانێت چی تێیدایە!

شاره زا بوون له زمانی عەره بی بنەمای (تدبر)ە

الله تعالی قورئانی پیرۆزی به زمانی عەرەبی که دەوڵەمەندترین و پاراوترین زمانەکانی سەرزەوییە دابەزاندووەو فەرموویەتی: ﴿ إِنَّا جَعَلْنَاهُ قُرْآنًا عَرَبِيًّا لَعَلَّكُمْ تَعْقِلُونَ ﴾ ، بۆیە هەرکێ ئەگەر زمانی عەرەبی نەزانێت نەك له (تدبر) و تێگەیشتنی قووڵ و ورد بێبەش دەبێت، بەڵکو هەرناتوانێت لە ڕواڵەت و مەبەستی گشتیشی تێ بگات، بە کورتی زانینی زمانی عەرەبی کلیلی تێگەیشتنی قورئان و سوننەت و شەریعەتی ئیسلامە بە شێوەیەکی گشتی.

لە ڕاستیدا شارەزا نەبوون لە زمانی عەرەبی دیوار و پەرژینێکە لە نێوان موسوڵمان و تێگەیشتنی قورئان و سوننەتدا کە ئەوانە سەرچاوەی زوڵاڵی تێگەیشتنی ئیسلامن، هەربۆیە نەیارانی ئیسلام هەر زوو دەرکیان بەم ڕاستییە کرد و بە جۆرەها شێواز و ڕێگە دژایەتی زمانی عەرەبیان کرد و سەرەتا لە میسرو دواتر لە وڵاتانی تر هەوڵی دوورخستنەوەی خەڵکیاندا لە زمانی پاراوی عەرەبی، لە ڕێگەی زۆر بیانووی درووستکراوەوە، توانییان خەڵکی لە زمانی عەرەبی دووربخەنەوە بەوەش ئامانجەکەیان پێکا و ئەوانیان لە بنەماکانی عەقیدەو شەریعەتی ئیسلام دوور خستنەوە.

تەنانەت دەسەڵاتەکانی وڵاتە عەرەبییەکانیش کە پاشکۆ و ئەڵقە لەگوێی ڕۆژئاوای مەسیحی و جولەکەن، لەڕێگەی بایەخدانی زۆر بە زمانی ئینگلیزی و زمانە بیانییەکانی تر لەسەر حیسابی زمانی عەرەبی و ڕەنگدانەوەی ئەو بابەتە لە پرۆگرامی خوێندنی هەموو قۆناغەکاندا، توانیان مەودایەکی گەورە لە نێوان قورئان و لە نێوان گەلاندا درووست بکەن و ئێستەش بە هۆی ئەو دابڕانەوە لاوازترین پەیوەندی لە نێوان موسوڵمانان و قورئاندا درووست بووە کە لە درێژایی مێژوودا حاڵەتی هاوشێوە ڕووی نەداوە! سەیریش ئەوەیە خەڵکەکە قورئان دەخوێنن، بەڵام بەبێ ئەوەی لێی تێبگەن و بزانن داوای چییان دەکات و بەرنامەو پەیامەکەی بۆ مرۆڤایەتی چییە.

دەسەڵاتەکان بۆ ئەم مەبەستە و لە هەموو وڵاتەکاندا ، گەورەترین هۆکاری سەرکەوتنیان لەم پیلانەیاندا پشت بەستنیان بوو بە سوپایەکی لەبن نەهاتوو لەوانەی بەناو دینەوە قسەدەکەن و مزگەوتەکانیان بەدەستەوەیە و خۆیشیان لە ڕاستیدا پیاوی دەسەڵاتن و لە پێناو پارەیەکی کەمدا دینی خۆیان دەفرۆشن و بەئارەزووی نەیارانی ئیسلام فەتوا دەدەن و قسە بۆ خەلکی دەکەن و دەرەنجامیش سەر لە موسوڵمانان تێکدەدەن.

سەبارەت بە بارودۆخی لای خۆیشمان ، سەرباری ئەوەی کە ئێمەش هەمان کێشەمان هەیە و بەداخەوە مەلایەکی زۆر هەن نەخۆیان لە ئیسلام تێگەیشتوون و بەردەوامیش سەرلە موسوڵمانان دەشێوێنن و

ئیسلامێکی جیاوز لە ئیسلامی کیتاب و سوننەتیان پێشکەش دەکەن، ئاستەنگێکی گەورەی تریشمان بۆ زیاد بوو، ئەویش لاوازی کەسایەتی حیزبە ئیسلامییەکانی کوردستان بوو بەرانبەر بە عەلمانییەکان و بە ئێستاشەوە لە مەسەلەی کوردایەتیدا کە بە واتای دژایەتی و هیچ نەبێت پشتگوی خستنی زمانی عەرەبی دێت، ئەوان کێبڕکێیان لەگەڵدا دەکەن و بەزمانی حاڵ پێیان دەڵێن ئێمەش لەمەڕ پەراوێزخستنی زمانی عەرەبی هەمان هەلوێستی ئێوەمان هەیە و بەمەش بوونە هۆکارێکی یارمەتیدان بۆ پرۆسەی نامۆکردنی زمانی عەرەبی کە یەکسانە بە نامۆکردنی ئیسلام، بەدەر لەوەی ئەوان دەرك بەو ڕاستیە بکەن یان نەیکەن، بەڵام لە بەروبومەکانی ئەو پرۆسەی باسمان کرد ئەمڕۆ نەوەیەك سەریان هەڵداوە هیچ لە زمانی عەرەبی نازانن و دواجار لە قورئان و لە سوننەتیشەوە دوورن، تاکە ڕێگەی دیندارەکانیش بۆ فێربوونی زانستەکانی ئیسلام ئەوەیە کتێبی وەرگێڕدراو بخوێننەوە، کە ئەویش بۆ خۆی لەناو کورددا یەك دنیا قسەو تێبینی هەلدەگرێت.

هەر بۆیە لە دێر زەمانەوە زانایان فێربوونی زمانی عەرەبییان بە واجب زانیوەو خزمەت کردنیان بە خزمەت کردنی قورئان بینیوە و بەرگریکردنیشیان لەو زمانە بە نیشانەی غیرەت و دڵسۆزی لەسەر ئیسلام ئەژمار کردووە.

لە ڕاستیدا زیانی فێرنەبوونی زمانی عەرەبی وەکو زیانی فێرنەبوونی هیچ زمانێکی تر نییە! چونکە تێنەگەیشتن لەو زمانەدەبێتە مایەی لادان لە حوکم و سنوورەکانی قورئان و سەرهەڵدانی تێگەیشتنی نامۆ و هەڵە بۆ قورئان. بۆیە گرنگی زمانی عەرەبی لەوەدایە کە ئامرازی تێگەیشتنی قورئان و سوننەت و عەقیدەو شەریعەتی ئیسلامە.

لە کۆتاییدا و بە کورتی دەڵێم: زمانی عەرەبی ڕێگەی تێگەیشتن و (تدبر) ی قورئان و سوننەتە، شارەزایی لەو زمانە وەکو هەبوونی بینایی و چاوساغییە، نەشارەزاییش لێی وەکو نابینایی وکلۆڵییە! بەداخەوە دەشبێتە مایەی دوورکەوتنەوە لە ڕوح و جەوهەری ئیسلام، لەڕووی ناچاریشەوە نەبێت تەرجەمە و وەرگێڕانی دەقە دینی و زانستە ئیسلامییەکان بۆ زمانی کوردی نابێتە قەرەبووی نەزانینی ئەو زمانە، ئینجا جگە لەوەی کە دین بە شێوەیەکی گشتی لەسەر شارەزابوونی ئەو زمانە وەستاوە، هاوکات سەرچاوەیەکی سەردەمیانەی دەوڵەمەندیشە بۆ زۆربەی زانستەکانی تر وڕێگایەکە بۆ سەربەرزی دونیا و دواڕۆژ، بەڵام بەهۆی ئەوەی ناحەزانی ئیسلام دەزانن شارەزابوونی خەڵکی لە زمانی عەرەبی ڕێگەی شارەزابوونیانە لە دینەکەیان بۆیە هەموو ڕێگەو هۆکارێك دەگرنە بەر بۆ دورخستنەوەیان لە فێربوونی و ناشیرین کردن وناموکردنی ئەو زمانە.

چەند ڕێگەیە ک بۆ باش تێگەیشتنی قورئان

لێرەدا و لە ڕۆشنایی قسەی شارەزایاندا لەوانەی لەم بوارەدا وردبوونەتەوە، چەند ڕێگەیەکی تر بۆ تێگەیشتنی باش و لێوردبوونەوەی قورئانی پیرۆز دەخەینە ڕوو ، لەوانە:

- لە کاتی خوێندنەوەی قورئاندا هەوڵ بدەیت ئایەتەکان ببەستیتە ئەو واقیع و ژیانەی خۆت و دەوروبەرت و ئەوە بکەیتە هۆکارێك بۆ چاکسازی خۆت و بازنە نزیك و دوورەکانی دەوروبەرت، گرنگە بتوانیت قورئان بکەیتە تەرازوویەك بۆ زانینی حەقیقەتی هەموو شتێك کە لەم ژیانەدا دەیبینیت و بەسەرتدا دێت،

- هۆکارێکی تری (تدبر) و وردبوونەوە لە قورئانی پیرۆز ئەوەیە هەمیشە هەوڵ بدەیت ئایەتەکان پێکەوە ببەستیت، واتە تەماشای پێش و پاشی ئایەتەکە بکەیت، بۆ نموونە ئایەتی: (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا لِمَ تَقُولُونَ مَا لَا تَفْعَلُونَ* كَبُرَ مَقْتاً عِنْدَ اللَّهِ أَنْ تَقُولُوا مَا لَا تَفْعَلُونَ ﴾ زانایان ئەوەیان بە (مناسبات السور) ناوبردووە و بە کارێکی باش و پێویستیان زانیوە بۆ جوان تێگەیشتنی قورئانی پیرۆز،

- هەروەها بیریش لەوە بکەیتەوە دەبێت بۆچی ئەم سوڕەتە بەمە دەستی پێکردووە و بەوە تەواو بووە، ئەبێت حیکمەتێکی تێدا بێت، بۆچی ئەم

وشەی تێدا بەکار هات نەك وشەیەکی تر، چی بکەم بۆ ئەوەی واتای ئەو ئایەتە لە خۆمدا جێبەجێ بکەم.

- هەمیشە بتوانین بەراوردی حاڵی خۆمان بکەین لەگەڵ قورئاندا! کە باسی سیفەتی ئیمانداران دەکرێت بیربکەمەوە ئایا من ئەو سیفەتانەم لە خۆمدا بەرجەستە کردووە؟ بۆ نموونە:

کە ئەم ئایەتە ئەخوێنیتەوە: ((كَانُوا قَلِيلاً مِنَ اللَّيْلِ مَا يَهْجَعُونَ. وَبِالْأَسْحَارِ هُمْ يَسْتَغْفِرُونَ. وَفِي أَمْوَالِهِمْ حَقٌّ لِلسَّائِلِ وَالْمَحْرُومِ)) ئایا عیبادەت و شەونوێژ و بەخشینم هەیە؟

یان کاتێك ئەو ئایەتانەی باسی تاوانباران و بێ باوەڕان دەکات بیربکەمەوە ئایا خۆمم لە ئاکار و خەسلەتەکانیان بەدوور گرتووە؟

- یان کە الله تعالی فەرمویەتی: ((وَمَنْ لَمْ يَحْكُمْ بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُوْلَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ) ئایا لەسەر ئاستی خۆت و ماڵ و مناڵت حوکم بە قورئان دەکەیت؟ ئایا پێت خۆشە حوکم بە قورئان بکرێت و قورئان لە هەموو دونیادا باڵا دەست بێت؟ یان پێت خۆشە قورئان تەنها بەم شێوە بۆ خوێندنەوە بێت و لە واقیعی ژیانی خەڵکیدا حوکم نەکات. بە کورتی گرنگە لە زۆربەی ئایەتەکانی قورئاندا وێستگەیەکت هەبێت و پرسیار لە خۆت بکەیت و خۆت نمایش بکەیتە سەر واتاکانیدا!

- ئەگەر بمانەوێت توانای (تدبر) و تێگەیشتنی قورئانمان هەبێت پێویستە قورئانمان خۆش بوێت و حەز بکەین ژیانمان ڕەنگ و ئاکار و حوکم و

بیروباوەڕی قورئان وەرگرێت، نەك وەكو ئێستە كە قورئان بووەتە هێمایەك بۆ پیرۆزی و خۆشەویستنی بێ بەڵگە و بۆ سوێندخواردن و هەلواسین و ناوێکی بێ ناوەڕۆك!

مرۆڤ كە شتێك یان كەسێكی خۆش بوێت ئیتر دڵی پێوەی دەبەستێتەوە و حەز دەكات هەمیشە لەگەڵی بێت، ئایا ئێمە لەگەڵ قورئاندا ئەو خۆشەویستیەمان هەیە؟ بۆیە ئەگەر ئەگەر ئەو خۆشەویستییە درووست نەبێت تێگەیشتنیش درووست نابێت، بێگومان لەدوای تیگەیشتن خۆشەویستیش زیاد دەكات.

- یەکێکی تر لە هۆکارەکانی (تدبر) و تێگەیشتنی قورئان ئەوەیە بەدەنگی بەرز و خۆش بیخوێنینەوە، نەك بە دەنگێكی نزم وەکو چپە،یان وەکو خویندنەوەی هەر بابەت و کتێبێکی ئاسایی تر. بەڵکو بەگوێرەی توانامان پێویستە بە تەرتیل و بە جوانخوێندنەوەی پیت و مەخاریجەكان بیخوێنینەوە .

- رەچاوکردنی ئەوەی کە لە زانستی تەجویددا بە (الوقف و الإبتداء) باس کراوە، مەسەلەیەکی گرنگە و یارمەتیدەرە بۆ تێگیەشتنی قورئانی پیرۆز، لە ڕاستیدا شارەزابوون لەوەی لە کوێوە دەست بە خوێندنەوە بکەیت و لە کوێ بوەستیت، مەسەلەیەکی زۆر گرنگە و کاریگەری باشی لەسەر تێگەیشتنی خوێنەر هەیە و زانایانی لەسەردەمی سەلەف تاکو ئێستا هەمیشە جەختی لەسەر دەکەنەوە، وەکو ابن عمر رضي الله عنه

فەرموویەتی: (لقد عشنا برهة من الدهر وإنّ أحدنا ليؤتى الإيمان قبل القرآن،وتنزل السورة على محمد صلى الله عليه وسلم فنتعلم حلالها وحرامها وما ينبغي أن يوقف عنده منها..). بۆ نموونە هەندێ دەست پێکردن هەیە واتای ئایەتەکە تەواو تێکدەدات، وەکو دەستپێکردن لە" إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ"لە ئایەتی: "لَقَدْ سَمِعَ اللَّهُ قَوْلَ الَّذِينَ قَالُوا إِنَّ اللَّهَ فَقِيرٌ وَنَحْنُ أَغْنِيَاءُ".